# بەردبارانکردنی ژنان
# بەرهەمی هزری دەسەڵات و دینەکانی کوردستانە

سەرەتا زۆر بە توندی نارەزایی خۆمان بەرامبەر بەم کارە دژە مرۆیی و دڕندەییە دەردەبڕین کە چەند رۆژێک لەمەوبەر پارێزەرانی شەرەف - شەرەفی دین و دەسەڵات- لە شارۆچکەی باشیقە کیژۆڵەیەکی(17)ساڵانیان تەنیا لەسەر هەڵبژاردنی خۆشەویستیی
بە گەلەکۆمەکیی کۆمەڵێک سمێڵبابڕی چاخە کۆنەپەرستییەکان بەردباران کرد .. ئێمە
وێڕای ئەوەی کە دەڵێین ئەم ستەم و زۆردارییەی کە بەرامبەر ژنان دەکرێت رەگی خۆی
بە قووڵی لەنێو دینو ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارو دواکەوتووەی ئێستای کوردستان و عێراق داکوتاوە ناکرێ ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز چاوەڕوانی لەوە باشتریان لێبکەن بەڵکە زۆر لەمە خراپتریشیان لێدەوەشێتەوە.. چونکە هێز و مانی ئەم دەسەڵات و دینانە بەندە بە هەبوونی جیاوازیی رەگەزیی و خێڵەکیی و هەموو ئەو جیاوازییانەی کە ئەوان دەتوانن بە قووڵکردنەوەیان بەرەی یەکسانیخوازیی و مرۆڤپەروەریی پێ پەرت بکەن و بەگوێرەی بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانیان بیانچەوسێننەوە .
دیارە بارودۆخێکی ئاوەها ترسناک و چەوسێنەر هەر بەتەنیا بە گیان لەدەستدانی (دوعا)کۆتایی نایێ بەڵکە ئەمە زەنگی مەرگی ئازادیی ژنانە و مەترسیی بۆ سەر ژیانی تێکڕای ژنانی کوردستان هەیە .. هەربۆیە ئەگەر لەمەودوا ژنان چاوی خۆیان نەکەنەوە و
فەرەنگی دینو کۆنەپەرستیی لەخۆیان دانەماڵنو بە هزری پێشکەوتووخوازیی خۆ چەکدار
نەکەن ئەوا تادێ لەسایەی ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستانو عێراق دەگوزەرێ ئەو تۆزە ئازادییەی کە بە دەریایێک فرمێسک و خوێن بەدەستمانهێناوە ئەویشمان لەدەستدەچێ و یەکسانیی و ئازادییمان لێدەبێتە خەونێکی دوور و بەدەستهێنانیان زۆر سەخت دەبێت .. جا تازووە با هەموومان دەست لەناو دەست لەگەڵ پیاوانی یەکسانیخواز خۆمان رێکخراوتر بکەین و بە هەر رێگایەک هەیە بەر بەو هێرشە خەستە دڕندەییانە بگرین کە بێگومان بازرگانان و پیاوسالارانی نێو دەسەڵات و ئاخوندەکان و نێوەرۆکی دەقە دینییەکان لە پشتیەوەن.. تا بەهەموو مافە رەواکانی خۆمان دەگەینو کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانو پڕ ئاسوودە بنیاتدەنێین .

***پایزە ئەحمەد***

**کۆمەڵەی ژنانی کورد- کێرکلییس**

**هودرسفێڵد- بەریتانیا - 2007.4.26**